# نەورۆزی هەمیشە بەهارتان پیرۆز

سامان سعید
samansaed@gmail.com

نەوروز رۆژی قبول نەکردنی سەرکوت کردن و ووتنی( نا)یەبە دژی چینەدارا و حاکمە سەرکوتگەرەکان ، رۆژی کۆکردنەوەی هیزە بۆ ئەنجام دانی شۆرشیك ، بەدیهینانی ژیانیکی باشتر ،سەرکەوتن بەسەر زولم و زۆرو چەوسانەوە ، تیکشکاندنی تەخت و تاراجی دەسەلاتداران لە لایەن چینە بن دەستەکانی کۆمەل.لەرووی کومەلایەتی و تەنانەت سروشتیشەوە هاتنی رۆژیکی نویٰ وژیانیکی نویٰ وژیانەوەیە. ئەگەر چی لەدریژەی میژوودا چیرۆکی ئەفسانەی لیٰ درروست کرابیت یان هەر بەرگیکی خورافی کرابیت بە بەری دا بەلام لەلای خەلکی کریکارو زەحمەتکیش زەرەیەك لەم ما هیەتە راست و دروستەی خۆی کەمی نەکردووە. هەر بۆیە لەم رۆژە پیرۆزەدا گەرم ترین پیرۆزبایی لە خەلکی کریکارو زەحمتکیشی کوردستان دەکەم .

ئەم جەژنە سیمایەکی هاوبەشی بەشیك لە میللەتانی رۆژهەلاتە ، بەلام لەلای خەلکی کورد زیاتر سیمایەکی نەتەوەی بە خۆوەگرتوە ، هۆکاری ئەوەش ژیردەستەیی و پلە دوویی و زۆلم و زۆریکی قەومی بووە کە سەدان سالە خەلکی کوردلەلایەن سولتان و ئاغاو سەرمایەدارانی میلەتی سەردەستەوە بەدەستی یەوە دەنالین ، و ئەم رۆژەیان کردوە بەرۆژی خەباتیان بۆ لابردنی ستەمی میللی ، هەولیانداوە لە ژیر هەر هەلومەرجیکی سیاسی دا شکۆدار رایبگرن، ئەم جەژنە دەست کردی ناسیونالیزم نی یە ، ناسیونالیزمی کوردی لە بەهیزی ئەم رۆژە سودی وەرگرتوە و خۆی پی بەهیز کردووە .

ئیمە نەوەیەك لە کۆمۆنیستەکان ،ئەو کۆمۆنیستانەی بە کۆمۆنیزمی کریکاری ناسراین، دوای راپەرینی ئازاری 1991 و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات لەلایەن حیزبە قەومی یەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی پیمان نایە مەیدانی سیاسیەوە ، بە توندی دژی ناسیونالیزم بوین ، هەموو دیاردەو رەنگ و بۆیەکمان بە ناسیونالیزم لیك دەدایەوە ،کالفام و هەرزەکارانە ئەم سەرنجە سیاسی یەی خۆمان کردە بنەمایەك بۆ تەحقیر کردنی زۆر بەهای ئینسانی کە لە کۆمەلگای کوردستان لەلای کریکاران و زەحمەتکیشان مانای قولی ئومید بە ژیانیکی خوشتری هەبوو .ئەمە لە کاتیکدا بوو کە هاوری ئیرانی یەکانمان هەموو سالیك پەیامی پیرۆزبای یان بلاو دەکردەوە . بۆیە لە روانگەی خەلکەوە بە لایەنیکی نامۆ بە خواست و داواکاری و خۆشی یەکانی ئەوان سەیریان دەکراین و بەهانەی باشیش بوو تاکو ناسیونالیزمی کورد سیماو روخسارمان لەلای خەلکی رەش نیشان بدات. و هاوری ئیرانیەکانیشمان بە شۆفینیست و ئیمەش بە بەرگری کەری شۆفینیستی میلەتی سەردەست بداتە قەلەم.

سالی پار لە ووتاریك دا رەخنەی خۆم لەسەر هەلویستی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە پەیوەند بە چارەسەری کیشەی کورد خستە روو ، لەویدا ئاماژەم بە یادکرنەوەی نەورۆز کردبوو . ناجۆری لیکدانەوەی ئەوانم خستبە ژیر رەخنەوە.

ئەم سال ریزەکانی ئەو بزووتنەوەیەم جیهیشتووەو رۆشنتر لە سەر ئەو مەسەلانە سەرنج دەدەم ، پیم وایە سۆشیالیزم لە کوردستان پیویستی بە سەرهەلدانی مۆدیلیکی نویٰ هەیە ، مۆدیلیك کە دنیای ئەمرۆ و واقعیەتی خەباتی چینایەتی و میلی خەلکی کوردستان باش دەرك کردبیت ، بتوانیك خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان ریکخراوو و یەکگرتوو بکات و رابەری خەباتیان بکات تا بەدیهینانی ژیانیکی هەیشە نەوروز و ژیانەوە.

21 ی ئازاری 2005